# بانگەوازێک بۆ یادکرنەوەی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە سویس




**ڕۆژی 28.06.1987 وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕۆژە ڕەش و شومەیە, کە ئاسمانی بەهەشتی کوردستان، هەوری ڕەش داپپۆشی . لەم ڕۆژەدا شاری سەردەشتی بوکی کوردستان کەوتەبەر پەلاماری هێرشی بێ بەزەییانە و ماڵوێرانکەری ڕژێمی لە ناوچووی بەعس و گیانی سەدان کەس لە ژن و منداڵ و پیرو لاوی بێتاوانی ستاند.**
**دوژمنانی گەلی کورد بە شیمیاباران کردنی شاری سەردەشت بۆ جارێکی تر ڕوخساری ڕەشپەرەستی خۆیان نیشان دا و سەلماندیان کە تەنانەت دوژمنی دارو بەرد و درەخت و زیندەوەری کوردستانیشن.**
**بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەم یادە بە ئاگاداری هەموو لایەن و کەسایەتی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست لە وڵاتی سویس دەگەیەنین، کە لە ساڵرۆژی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دا چەند لایەنێک بەیەکەوە یادی 21 ساڵەی ئەو تراژیدیایە دەکەنەوە. بەشداری لەو مراسیمەدا ئەرکی نیشتیمانی و نەتەوەییە بۆ هەموان.**

**شایانی باسە کە دوو فیلمی دیکۆمێنتی پیوەندیدار لەو یادەوەرییە دا نیشانی ئامادەبوان دەدرێت.**

**بۆ بەشدار بوون لەسازدانی ئەم یادەوەرییەدا، دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:**

**هیوا ناسیح** 076 3691971
**ساڵح موحەممەد پور** 0787176514
**عوسمان تازیک** 0765641929

**حزبی دیموکراتی کوردستان /کۆمیتەی سویس**
**ئاوەندی چاک /کۆمیتەی سویسرا**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (ڕەوتی ڕیفۆرم و گەشە)/ کۆمیتەی سویس**

16.6.2008